www.kurdistannet.org

ئەو قەلەی بوو بەبزن

دەنگی خرتە قەلی دەشت مێشکی هەمووانی هەراسان کردبوو.جارێ کەهۆڕینی پیکابەکە لێیدەدا کەس گوێی لەکەسی تر نەدەبوو لەبەر عەلو عەلو . گەیشتنە سەیتەرەکەی پێنجوێن،ئۆتۆمبێلی زۆر ڕیزیان گرتبوو..تادەهات خرتەقەل قییژەیدەکرد دەتووت خاوەنەکەی بەدرێژایی ڕیگا گوێزی کردبوو بەقورگیا..

ـدەی کێ شتی پێیە گومرگ بکرێ !ئەو قەلە بێ حەیایە هی کێیە ..! خیرا خاوەنەکەی قسەبکات تاسەرمان لەوە زیاتر نەئێشاوە.

ـفەرموو براکەم ئەوە دەدینار !

ـدە دیناری چی..جاخۆ بایی هەزار دینار عەلو عەلویکردوە..

www.kurdistannet.org

ـبراكەم ئەی چەندت دەوێ ؟
ـمن نازانم بێنە پەنجا دینار!
ـكاكە !خواهەڵناگرێ..تائێرە سێسەد دینار زیاتر گومرگیم داوە..
ـوەك ووتم چولەكەش لێرەوە تێپەڕبكات ئێمە گومرگی دەكەین.مامە! بۆ لەتۆ وایە مووچەی ئەوهەموو مامۆستا و فەرمانبەرە بەئاودەدرێ..!زووكە مامە گیان خەڵكیتر چـــــــــــــــــــاوەڕێـــــــــــــــــــــــه..
ـبراكەم وەڵلا ئەوپارەیەم پێ نیە.
ـخاڵەحاجی ئەتەوێ تاوانبارت بكەین بەوەی كەمافی ئاژەڵت پێشێلكردوە.؟ نازانی ئێستا زیندانكردنی ئاژەڵ قـــەدەغـــەیـــە ! تـــۆ قـــاچیشـــت بـــەستـــوەتـــەوە..
ـزیندانی چی و تاوانی چی؟
ـخوا دەزانێ لەسنورەوە تاكو ئێرە چەن گۆچانیشت لێدابێ..!
خـۆشـت بـاشـدەزانـی كـەلـەشـاردا بـەخێـوكـردنـی ئـاژەڵ قـــەدەغـــەیـــە و ئـــاو و هـــەوای شـــار پیســـدەكـــات

www.kurdistannet.org

و زیان بەسروشت دەگەێنێ..هێشتا مەفعولی کیمیاویەکە
مــــاوە .. بــــابــــاش بــــزانــــی خــــالــــە گیــــان!
تۆزی بەزەییت بە منداڵانی کوردا بێتەوە..
من نازانم ئەوکاکەیەی کەلە پاڵتایە گومرگی خۆشی
داوە لــــــەئیبــــــراهیــــــم خــــــەلیــــــل و وا
لێرەش گومرگی خۆی وکامیرەکەی لێوەردەگرین و
یــــەك نــــارەزاییــــش لــــەدەمــــی نــــاییستــــرێ...
لەئیشی خۆت خەڵك دوام مەخەو گومرگ بدە و
ڕزگــــــــــارمــــــــــان بکــــــــــە.!
ـوا ئەمجارە کەدەبێتە پێنج جار گومرگدەدەم ، بەڵام
ئەم قەلە پارەی بزنێکی زیاتر تێچوە.بۆیە شەرتبێ منیش
وەك ئەوعالەمە ڕوبکەمە وولاتانی گەلای سەوز و
بگەمە لای چاوشینان .جاباخەڵکی بڵێ حاجی (وێنس)*
سەری لەخۆی و ماڵ و منداڵ ی شێواندو سەروەت و
مــــاڵی کــــرد بــــەئــــاوەکــــەی (وێنــــان)*دا..

ســــــــــــــــــــــــــویــــــــــــــــــــــد_٢٠٠٢_٧_٣٠



وێنس:مەبەست لە(بونس)ە
وێنان:وولاتی یۆنان